# ئـــەی خـــودا

بۆ (دوعـــا)





نووسینی : دێچۆل ئازاد

وەرگێڕانی : شێروان خدر


ئەی خودا تۆ لە کوێ بووی
لەوکاتەی (دوعا) هەڵسا لە خەو،
پاڕایەوە،
هەتا چاوت لێی بێ.
ئەی خودای خاوەن
خۆشەویستی ،
ژیان،
مردن.
بەخاتری ناوە میهرەبانەکەت،
بەخاتری جوانیت لە ڕووناکی خۆر،
بەخاتری ڕووناکیت لە ئەستێرەکان،
بەخاتری ڕۆژە باراناوییە تاریکەکان،
بەخاتری هێمنی ڕووبارەکان،
نوێژی کرد بۆئەوەی دالْدەی بدەیت.
بەردەوام لەپێناوت نوێژی دەکرد.
لە ڕۆندکەکانی، ڕووبارێکی بەخوڕ
بۆ دەستی هانایەک
بیبا بۆ دوور
دوور لەو ماڵە
بۆ لای مەنزڵگای تۆ
ئەی خودا تۆ لە کوێ بووی؟
ئەی خودااااااا!!

مێلبۆرن – ئوستراليا

2007–6–4